# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کــوردی　　٢٠٢٤ی زایینــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**　　ISSN: 2520-4106　　http;//gov.krd/ka

# شێوازە دەنگییەکانی شیعری (ئەسیری) لەبەر ڕۆشنایی ئاراستەی (بالی)دا


م.ی. دنیا شهاب علی

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
dunya.ali@su.edu.krd

پ.د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
idrees.kurdesh@su.edu.krd



**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: (شێوازە دەنگییەکانی شیعری (ئەسیری) لەبەر ڕۆشنایی ئاراستەی (بالی)دا).. هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی یاسا دەنگییەکانی زمان لە شیعری (ئەسیری)دا، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەنگ زۆرترین پێکهاتەی زمانی شیعرە و گەورەترین کاریگەری دروست دەکات، دروستبوونی هەر دەنگێک لە دەقی شیعری بەگشتی و لە شیعری (ئەسیری) بەتایبەتی، بەهایەکی دەنگی و دەربڕین لەخۆ دەگرێت. لە ئاستی دەنگیدا هەر زمانێک یاسا و ڕێسایەکی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم یاسایانەش بۆ هەمەجۆریی جوگرافیا و پەرەسەندنی چینە زمانەوانییەکان دەگەڕێنەوە، زمانی شاعیر بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆلێکی کاریگەر و بەهێزی لە شێوازە دەنگییەکان و یاسا فۆنۆلۆجییەکان هەیە، لە ڕێگەی ئەم لایەنە دەنگییانەشەوە شاعیر هەستەکانی خۆی دەربڕیوە و دووبارەبوونەوەی هەر دەنگێک دەربڕینی دەروونی شاعیر و مۆسیقا و ئاوازێکی خۆشی بە دەقە شیعرەکانی بەخشیوە.


کلیلەوشە: دەنگ، ئەسیری، گڕی دەنگ، کپی دەنگ، گۆڕانی دەنگ

**پێشەکی**

ئـەم توێژینەوەیــە بــە ناونیشــانی (**شــێوازە دەنگییــەکانی شـیعری (ئەسـیری) لەبــەر ڕۆشــنایی ئاراســتەی (بــالی)**دا .. هەوڵدانێکــە بــۆ خســتنەڕووی لایــەنی شــێوازە دەنگییــەکانی شـیعرە کوردییـەکانی (ئەسـیری)، ئەمـەش لـە ئەنجامـی ئـەو دیـاردە فۆنۆلۆجییانـەی، کـە لـە زمانـدا هـەن. شـێوازی دەنگـی ئـەو دیـاردە سەرنجڕاکێشـەیە، کـە لـە شـیعردا هەسـتی پـێ دەکـرێ و پێـی کاریگـەر دەبیـن.

(بـالی) جەخـت دەکاتـە سـەر لایـەنی سـۆزداری زمـان و پەیوەندیـی ئـەو لایەنـە سـۆزدارییە لەسـەر بیرۆکـەی گەیانـدن، ئـەم پەیوەندییـەی لـە نێـوان دەربڕیـن و بیـر و سـۆزدا هەیـە، ئـەو شـێوازەش لـە دەربڕیـن، کـە بـە شـێوەیەکی تایبـەت لـە زمـانی ئاخاوتنـدا پێشـکەش دەکرێـت، (بـالی) ئـەوە ئاشـکرا دەکات، کـە پەیوەندییەکـی شـێوازناسی لـە نێـوان شـێواز و ئـەو حاڵەتـە عاتفییـە و سەرسـامی و دڵخۆشـیدا هەیـە، کـە شـێوازەکە دروسـتی دەکات، کەوابـێ (بـالی) پێـی وایـە لایـەنی سـۆزداری شـەقڵێکی جیاکەرەوەیـە، لـە پرۆسـەی پەیوەندییـدا لـە نێـوان نێـرەر و وەرگـردا، ئـەم ناوەڕۆکـە سـۆزدارییەی زمـان لـە لای (بـالی) بابـەتی سـەرەکیی شـێوازناسی پێـک دێنێـت، کـە پێویسـتە لـە دەربڕینـی زمانەوانیـدا گرنگـی پـێ بـدرێ، لـە وشـە و پێکهاتـەکانی بکۆڵرێتـەوە، واتـە گوزارشـت لـە سروشـتی نووسـەر و کاریگـەری لەسـەر وەرگـر دەکات.

واتــە (بــالی) مەبەســتی ئەوەیــە لــە ڕێگــەی بەکارهێنــانی زمانــەوە پــەی بــە لایــەنی هەســت و ســۆزەکان ببــات. بــە مانایەکـی تـر ئـەم ئاڕاسـتە شێوازناسـییە جەخـت لـە لایـەنی دەربڕیـن لـە زمانـدا دەکاتـەوە، هـەر بۆیـەش بـە شـێوازناسی دەربڕیــن یــان گوزارشــتی نــاسراوە، کەواتــە شێوازناســییەکەی (بــالی) خەســڵەتی وەســفی وەرگرتــووە لــە سروشــتی شـیکردنەوەکانیدا، چونکـە تەنهـا پشـت بـە زمـان دەبەسـتێت لــە پرۆســەکانی دۆزینــەوەی پەیوەندییــەکانی نێــوان دەربڕیــن و هــزر، شێوازناســییەکەی پەیوەنــدی بــە سیســتەمی زمــان و پێکهاتــەکانی هەیــە، لــە چوارچێــوەی زمانیشــدا بــە دوای ناوەڕۆکــی ســۆزداری دەگەڕێــت نــەک ناوەڕۆکــی لۆجیکــی، کــە وشــەکان و پێکهاتەکانیــان لــە خۆیــان دەگــرن.

**هــۆی هەڵبــژاردنی ئــەم توێژینەوەیــە:** گرینگــی و بایەخــی شــێوازی دەنگــی لــە شــیعردا بوونێکــی دیــار و بەرچــاوی لـە نـاو دەقـە شـیعرییەکانی شـاعیران بەگشـتی و (ئەسـیری) بــە تایبــەتی هەیــە، هــەر ئەمەشــە وای کــردووە شــیعرەکانی مۆسـیقا و ئاوازەیەکـی خـۆشی هەبێـت و کاریگـەری لەسـەر دەروونی خوێنــەر دروســت بــکات.

**ئامانجــی توێژینەوەکــە:** خســتنەڕووی کاریگەریــی ئــەو گۆڕانــە دەنگییانەیــە لــە شــیعرە کوردییــەکانی (ئەســیری)، هەروەهــا دەرخســتنی ڕادەی دەوڵەمەندیــی زمــانی شــیعری (ئەسـیری) لـە بەرهەمهێنـانی شـێوازی دەنگـی و لادان لـە بـاری ئاسـاییی ئاخاوتـن بـۆ بارێکـی شـازی پـڕ لـە داهێنـان و کاریگـەری.

**میتــۆدی توێژینەوەکــە:** ئـەم توێژینەوەیـە پەیـڕەوی لـە میتـۆدی وەسـفیی شـیکاری کـردووە.

**پێکهاتــەی توێژینەوەکــە:** ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و دوو بـەش و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان پێـک هاتـووە.

## بــەشی یەکــەم: شــێوازناسی دەنــگ (Phonostylistics) و دووبارەکردنــەوە

### تەوەری یەکەم: شێوازناسی دەنگ

شـێوازناسی دەنـگ یەکێکـە لـە بابەتـەکانی شێوازناسـیی وەسـفی، کـە (بـالی) بـە نموونـەی پراکتیکییـەوە خسـتویەتییە ڕووە، ئـەم شێوازناسـییە توانـاکانی دەربڕیـن لـە نـاو پێکهاتـە دەنگییـەکان لەخـۆ دەگرێـت، ئەویـش بـە گوێـرەی گونجـان و تایبەتمەندیـی دەنگـەکان دەخرێتـە ڕوو.

دەنگـەکان و گونجـانی دەربڕیـن لـە "ڕیتـم و هێـز و ئـاوازە و دووبارەبوونـەوە و گـڕی و کپـی و گـۆڕانی دەنگـەکان و .......... تـاد" (بـالی، ١٩٨٥، ٣٢) بەرجەسـتە دەبـن، هەمـوو ئەمانـە وزەیەکـی بێوێنـەی دەربڕیـن پێـک دەهێنـن.

تروبێتســکۆی (Nikolay Sergeevitch Trubetskoy) لــە کتێبــی (بنەمــاکانی دەنــگ)، لــە چوارچێــوەی شێوازناســیی دەنــگ، دەنگـەکانی دەربڕیـن بـۆ سـێ جـۆر دەنـگ دابـەش دەکات، کـە ئەمانـەن: (بییرجیـرو، ٢٠٠٨، ٥٩ــ٦٠).

**١. دەنگـی بەرجەسـتەیی یـان چەمکـی (الصوتیـة التمثیلیـة أو المفهومیــة): ئــەم ئاراســتەیە** توێژینــەوە لــە دەنگــەکان دەکات بــەو پێیــەی، کــە ڕەگــەزی زمــان و بابەتــی و ڕێســا

ئامێـزن. قسـەکەر لـە هـەر ئاسـت و پایەیێکـی کۆمەڵایەتیـدا بێـت دەتوانێـت بەکاریـان بهێنێـت.

**٢. دەنگـــی بانگرکـــردن یـــان بۆچوونگەرایـــی (الصوتیـــة الندائیـــة أو الانطباعیـــة):** ئەمـەش توێژینـەوە لـەو گۆڕانکارییـە دەنگییانـە دەکات، کـە ئاسـەوارێک لەسـەر گوێگـر بەجـێ دەهێڵـن. واتـە: بەکارهێنـانی دەنگـەکان بـە مەبەسـت، بـۆ دروسـتکردنی جۆرێـک لـە وروژانـدن لـە لای وەرگرەکـە.

**٣. دەنگـی دەربڕیـن (الصوتیـة التعبیریـة):** ئەمـەش لـەو گۆڕانکارییانـە دەتوێژێتـەوە، کـە لـە هەسـت و ئـاکاری قسـەکەرەوە دەردەکـەون. واتـە: لـە بەکارهێنـانی ناهەسـتی دەنگـەکان سـەرچاوە دەگـرن، کـە بێگومـان گوزارشـت لـە ڕەچەڵەکـی کۆمەڵایـەتی و لایـەنی قسـەکەر دەکـەن.

ئـەم دوو ڕەگـەزەی دوایـی بابـەتی سـەرەکیی شێوازناسـیی دەنگـی پێـک دەهێنـن، کـە "داڕشـتنی ڕێچکـە تایبەتـەکانی دەستنیشـانکردنی دەربڕیـن بـە ئامانـج دەگرێـت، وەکـو: دووبارەکردنـەوە، هێـز، ئـاوازە، کـورت و درێـژی دەنگـەکان ...... تـاد" (بییرجیـرو، ٢٠٠٨، ٦٠)، ئەوانـەش هەموویـان بەشـداری لـە خسـتنەڕووی شـێوازدا دەکـەن.

مەبەسـتی شێوازناسـیی دەنـگ، دەنگـە زمانییەکانـە، پشـت بـە چەمکـی گۆڕانکارییـە دەنگییـەکان دەبەسـتێت، کـە بەشـداری لـە پێکهاتـەی وشـە و ڕسـتەدا دەکـەن، ئـەو دەنگانـە بەشـدارن لـە دروسـتکردنی کاریگـەری لـە لای گوێگـر، هەروەهـا ئـەو دەنگانـە دەگرێتـەوە، قسـەکەر لـەکاتی بەکارهێنانیـدا دەریاندەبڕێـت، زمانیـش، یـان قسـەکەر چەنـد ئـازاد و سەربەسـت بێـت لـە بەکارهێنـانی توخمـەکانی دەنـگ لـە میانـەی زنجیـرەی ئاخاوتنـدا، ئـەوا ئـەو زمانـە بـەو ئازادییـەوە دەتوانێـت ئـەو ڕەگەزانـە بـۆ ئامانجـی بەرهەمهێنانـی شـێوازی جۆراوجـۆر بـەکار بهێنێـت.

شـێوازی ئەداکـردنی دەنـگ کاریگـەری لەسـەر بەهـای دەربڕینـدا بەجـێ دەهێڵێـت، فراوانبـوونی بەهـاکانی دەربڕیـن بـۆ فرەیـی ئـەو ڕێگایانـە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە درکانـدنی دەنگەکانـی نێـو وشـەکانی ڕسـتەیەك پەیـڕەو دەکرێـت، جیاوازیـی پلـەکانی دەنگیـش دەبێتـە هـۆی فراوانبـوونی بەهـاکانی دەربڕیـن، ئەمـەش بـە هـۆی گۆڕانـە دەنگییـەکان، کـە لـە زمانـدا دروسـت دەبـن.

شێوازناسـیی دەنگـی وا دەڕوانێتـە دەنـگ، کـە دیاردەیەکـی فیزیاییـە، لـە میانـەی توخمـە سـەرەکییەکانەوە، لێیـان دەتوێژینـەوە، لـەو لایەنانـەی، پەیوەندییـان بـە دەنگەکـەوە هەیـە، واتـە: ناوەڕۆکـی دەربڕیـن لـە سـێ توخـم یـان سـێ لایـەنی دەنگـی لـە قسـەدا بـەدی دەکرێـت، کـە ئەمانـەن: (بابـان، ٢٠٠٨، ٣٢)

١. خـودی دەنگـەکان، کـە هیـچ هێزێکـی تایبەتیـان لەگەڵـدا نەبێـت، واتـە دەنگـەکان تەنهـا بەهایەکـی گەیاندنیـان هەیـە.

٢. هێـزی هەڕەمەکـی یـان ناهەسـتییانە (النـبر العفـوی و غیـر الشـعوری): کـە گوزارشـت لـە بنچینـەی کۆمەڵایـەتی و ئـارەزووی دەروونی و بایەلۆجـی دەکات.

٣. هێـزی خواسـتی (النـبر الإرادی): بۆچوونێکـی دیاریکـراو لـە ڕووداوەکانـدا بـە ئامانـج دەگرێـت. ئەمـەش لـە حاڵـەتی گوزارشـتکردن لـە ڕێزلێنـان، یـان گاڵتـە پێکردنـدا پەیـدا دەبێـت. ئـەم سـێ لایەنـە لـە بەهـاکانی دەربڕینـدا پەیـڕەو دەکرێـن.

کەواتـە دەنـگ زۆرتریـن پێکهاتـەی زمـانی ئاخاوتـن بـە گشـتی و شـیعریش بـە تایبەتییـە و گەورەتریـن کاریگـەری دروسـت دەکات، دروسـتبوونی هـەر دەنگێـک بەهایەکـی دەنگـی و دەربڕیـن لەخـۆ دەگرێـت. یاسـا دەنگییـەکان لـە زمانێکـدا جیـاوازە لەگـەڵ زمانێکـی تـردا، بـۆ نموونـە یاسـای دەنگـی لـە زمـانی فەڕەنـسی جیـاوازە لـە زمـانی کـوردی، بۆیـەش هـەر زمانێـک یاسـا و ڕێسـایەکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، لـە ئاسـتی دەنگـدا، ئـەم یاسـایانەش بـۆ هەمەجۆریـی جوگرافیـا و پەرەسـەندنی چینـە زمانەوانییـەکان دەگەڕێتـەوە، ئێمـە لایـەنی شێوازناسـیی دەنگـی لەسـەر (دیـوانی ئەسـیری) پراکتیـزە دەکەیـن، کـە ئـەم لایەنانـە دەگرێتـەوە: (ڕیتـم، دووبارەکردنـەوەی دەنـگ، گـۆڕانی دەنـگ، سـووانی دەنـگ، گـڕی و کپـی دەنـگ، هێـز، ئـاوازە).

**تەوەری دووەم: دووبارەکردنەوە**

یەکێــک لــە هۆیــەکانی دروســتبوونی ڕیتــم (مۆســیقای نــاوەوە) دووبارەکردنەوەیــە، ڕیتمــی نــاوەوە لایەنێکــی گرنگــی مۆســیقای شــیعری پێــک دەهێنێــت، ڕۆڵــی خــۆی لــە دەوڵەمەندکــردنی ناوەڕۆکــی شــیعردا هەیــە و زیاتــر پەیوەســتە بــە دەروون و هەســتی شــاعیرەوە، چونکــە "ڕیتــم ڕەنگدانــەوەی بــاری دەروونی و عاتیفــی ئــەو شــاعیرەیە، کــە خــاوەنی بیــر و هەســت و ســۆزی تایبــەتی خۆیــەتی" (گــەردی، ١٩٩٩، ٧٣ــ٧٤) مۆســیقایەکی دڵگیــر و نــاوازە بــە دێــرە شــیعرەکە دەبەخشــێت، ئەمــەش کاریگەریــی خــۆی لەســەر خوێنــەر دەبێــت، چونکــە خوێنــەر، کــە شــیعرێکی پــڕ ئــاواز و مۆسـیقی دەخوێنێتــەوە دەچێتــە نــاو قوڵاییــی شــیعرەکە و ئارامــی و چێــژی پــێ دەبەخشــێت.

دووبارەکردنــەوە لــە شــیعردا پەیوەنــدی بــە ئاســتی دەلالی و ئیســـتاتیکی دەقـــەوە هەیـــە، هۆکارێکـــی ســـەرەکییە بـــۆ دروسـتکردنی مۆسـیقای شـیعر و چێژێکـی دەروونی تایبـەت بـە خوێنــەری شــیعر دەبەخشــێت.

بـــە گشـــتی دووبارەکردنـــەوە جگـــە لـــە ئەرکێکـــی ئیســـتاتیکی پەیوەنـــدی بـــە واتاشـــەوە هەیـــە، چونکـــە ئەمـــە کارێکـــی هەڕەمەکـــی نییـــە، بەڵکـــو زۆرجـــار مەبەســـتی شـــاعیر دەردەخـــات، بەمـــەش دووبارەکردنـــەوە "وروژانـــە دەروونییــەکان وێنــا دەکات، لەبــەر ئــەوەی پەیوەندییەکــی پتــەوی بــە لایــەنی ســۆزەوە هەیــە، داهێنــەر تەنهــا ئــەو شــتانە دووبــارە دەکاتــەوە، کــە گرنگــن لــەلای ئــەو و مەبەســتییەتی بــە بەرانبەرەکــەی بگەیەنێــت" (الخاتــونی، ٢٠١٣، ١٤٥)، چونکــە شــاعیر کاتێــک شــتێک دووبــارە دەکاتــەوە مەبەســتی ئەوەیــە شــەقڵێکی جیــاوازی پــێ ببەخشــێت و کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســـەر دڵ و دەروونی خوێنـــەردا هەبێـــت.

دووبارەکردنــەوە لــە شــیعردا و بــە تایبەتیــش لــە شــیعری (ئەســـیری)دا بـــە چەنـــد شـــێوەیەک پەیڕەوکـــراوە، لێـــرەدا جـــۆرەکانی دووبارەکردنـــەوە لای ئەســـیری بـــەوردی دیـــاری دەکەیـــن:

**یەکەم: دووبارەکردنەوەی دەنگ**

بریتییــە لــە دووبارەکردنــەوەی چەنــد جــارەی دەنگێــک لــە دێرێــک، یــان لەســەرتاپای شــیعرەکە، بــە شــێوەیەکی بەرچــاو لــە دەنگــەکانی تــر دووبــارە دەبێتــەوە، مۆســیقای شــیعرەکە دروســت دەکات، چەنــد دیــاردەی دووبارەکردنەوەکــەش زیاتــر بێــت، مۆســیقای شــیعرەکە بەهێــز دەکات و دەبێتــە مایــەی چێژبەخشــین.

دووبارەکردنــەوەی دەنــگ دەبێتــە هــۆی هاوســەنگی لــە شــیعردا، ڕۆڵێکــی گرنگــی لــە نــاو دەقــی شــیعردا هەیــە "دەتوانــرێ ڕۆڵــی واتایــی و مۆســیقایی بگێــڕن" (عەبدڵــڵا، ٢٠٠٨، ١٠٥). دەنگــەکان کاریگەریــی مۆســیقا و لایــەنی دەروونی جیاوازیــی خۆیــان هەیــە، چونکــە هــەر دەنگێــک کۆمەڵێــک خاســیەتی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە لــە ڕووی کــورت و درێــژی و گــڕی و کپــی، لــەکاتی دەربڕینــی هــەر دەنگێکیشــدا لـــە ســـازگەی جیـــاوازدا دەردەبڕێـــن، کاریگەریـــی دەروونی ئیســتاتیکی خۆیــان زیاتــر دەکــەن، هــەر دەنگێــک بــە ڕێــژەی جیــاواز لــە دەنگێکــی تــر لــە نــاو دەقــی شــیعریدا بــە شــێوەی ئاســۆیی، یــان ســتوونی دووبــارە دەبێتــەوە، ئەمــەش پەیوەنــدی بــە لایــەنی نەســتی مرۆڤــەوە هەیــە.

**١. دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک**

بریتییـــە لـــە دووبارەکردنـــەوەی تاکـــە دەنگێـــک، جـــا چ دووبارەکردنــەوەی دەنگــی بزوێــن، یــان نەبزوێــن بێــت، بــە شــێوەی ڕێــک، یــان نارێــک کاریگەریــی مۆســیقای خــۆی هەیــە، گوێگــر هەســتی پــێ دەکات، توانــاکانی شــاعیر لــە چۆنیەتیــی ڕێزکـــردن و بەکارهێنـــانی دەنگـــەکان و دووبارەکردنەوەیـــان دەردەکەوێــت، هــەروەک چــۆن موزیکژەنێــک ئــاوازەکانی بــە شــێوەیەکی ڕێــک بــە ســەر تۆنــەکانی خــۆی دابــەش دەکات، لێهاتوویــی شــاعیریش لەوەدایــە، کــە دەنگــەکان بــە بــاشی لـــەکاتی دووبارەکردنەوەیانـــدا دابـــەش بـــکات و کاریگـــەری لەســـەر وەرگـــر دروســـت بـــکات. دووبارەکردنـــەوەی تـــاک دەنگــی لــە شــیعری (ئەســیری)دا بــەم شــێوەیەیە.

**أ. دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن**

**١. دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێنی درێژ (ا)**

ئـەم دەنگـە مۆسـیقایەکی تایبـەت و ڕوون و ئاشـکرای هەیـە، لــە دەنگــی بزوێنــە کورتــەکان "خۆشــتر و ئاوازەدارتــر دێتــە بــەر گــوێ" (کامیــار، ١٣٩٠، ٢٢) بەمــەش دەنگــە درێــژەکان لــە گۆکردنــدا کاتێکــی درێژتــر دەخایەنێــت لــە دەنگــەکانی تــری زمــان، ڕیتمــی شــیعرەکە خــاو دەکەنــەوە، بەمــەش ئاوازیــان

خۆشتر و پڕ چێژتر دەبێت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی وەرگر زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی "دەنگی (ا) ڕوونترین دەنگە لە زماندا، جگە لەوەش دەنگێکە سیفەتی ئاشکرایی هەیە" (عزیز، ٢٠٠٩، ٢٠). دەنگی (ا) دەنگێکی درێژ و کراوەیە لە ڕووی سازگەی درکاندنەوە، واتە لە کاتی درکاندندا دەنگە ژێیەکان دەکرێنەوە، ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ درێژکردنەوەی دەنگەکە، کە ئاماژەیە بۆ درێژەدان بە دەربڕین، بۆ شیعر ئاوازی نوێ دەخولقێنێت. بۆ نموونە:

نەو ڕەسیدەی باغی میللەت چاوەکەم گیانم فیدات
گوفتی چاکەت پێ دەڵێم گوێ بگرە ئەی لاوی وڵات
(دیوانی ئەسیری) (ل٤٩)[١]

دەنگی (ا) لەم دێرە شیعرەدا (٧) جار دووبارەبۆتەوە، وەک ئاماژەی پێ کرا، کە دەنگی (ا) سیفەتی ڕوون و ئاشکرایی تێدایە، ئەم ڕوونی و درێژییەی بە تەواوی لەگەڵ ئەو وەسفەی شاعیر بۆ خۆشەویستی دایک و باوک بۆ لاوی وڵات دەگونجێت، وەسفی کەسانی گرنگی وەکو دایک و باوک پێویستی بەو دەنگە درێژە هەیە، چونکە بۆ دەربڕینی حەماسەت و هەڵچوونی زۆر پێویستمان بە دەنگی بزوێنی درێژ دەبێت، بۆیەش شاعیر بەهۆی هەڵبژاردنی ئەم دەنگە مەبەستەکەی بە ڕوونی پێکاوە، چونکە کاریگەریی زیاتر لەسەر دەروونی بەرانبەر دروست دەکات.

**٢. دووبارەکردنەوەی بزوێنی کورت (ە)**

ئەم دەنگە مۆسیقایەکی نەرم دەبەخشێت، لە چاو دەنگە بزوێنە درێژەکان، چەند ڕێژەی دووبارەکردنەوەش زۆر بێ ئەوا مۆسیقایەکەشی زۆر دەبێت، واتە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان جگە لە دروستکردنی مۆسیقا واتاش لەگەڵ خۆیاندا بار دەکەن، چونکە دیاردەی دەنگ پەیوەندیی بە سۆز و هەڵچوون و لایەنی دەروونییەوە هەیە، بۆیەش "هەڵچوونی ئاگرین و توندوتیژ پێویستی بە دەنگی کۆنسنانتی بەهێز هەیە، بەڵام سۆزی هێدی و لەسەرخۆ بۆ دەربڕین زیاتر پەنا دەباتە بەر کۆنسنانتەکانی سازگەی لێو و بزوێنی کورت و کشاو و خاو" (البصیر، ١٩٨٣، ٢٠٣). بۆ نموونە:

ئەم بێکەسە بێ چارەیە ئەم لوڕ بەچە ئاوارەیە
بێخاوەنە بێپارەیە چەن قەڕنە وا دەدرێ فریب ل٤٨

دەنگی (ە) لەم دێرە شیعرەدا (١٨) جار دووبارە بۆتەوە، بەدەر نییە لە لایەنی دەروونی و سۆزی نەرم، لەگەڵ واتای دێرە شیعرەکە بە شێوەیەک دەگونجێت دەڵێی شاعیر بە مەبەست ئەو دەنگەی دووبارەکردۆتەوە، وەسفی بێچارەیی و ئاوارەیی میللەتی کورد دەکات و داوای پاڕانەوە لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات، بەمەش وەسفێکی هێواش و لەسەرخۆ و سۆزاوی بۆ میللەتەکەی کردووە، بەوەی لە هەموو وشەیەک هەست بە وەستانێک دەکرێت، ئەم هێواشیەش لەگەڵ سیفەتی دەنگەکە دەگونجێت، بەمەش لایەنێکی دەروونی بە سۆز و دەربەدەری میللەتی کوردی گوزارشتکردووە، بەمەش شاعیر سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنی دەنگەکە.

**ب. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن:**

**١. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی (م):**

ئەم دەنگە دەنگێکی نەبزوێنی گڕە، "دەنگێکە لە ناوەڕاستی بەهێزی و خاوی دایە" (انیس، ؟، ٤٨)، ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی لێوییە، بۆ دەربڕینی سۆزی ئارام و لایەنی دەروونی زیاتر

پەنا دەبرێتە بەر دەنگی سازگەی لێوی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە ئەو تەوژمە هەوایەی، کە دەنگەکەی پێ دروست دەکرێت لە لووتەوە دەردەچێت بۆیە پێی دەوترێت دەنگی لووتی، ئەمەش وادەکات توانای درێژکردنەوەی هەبێت، بەمەش ئاوازێکی تایبەتی دروست دەکات لە دەربڕیندا، بۆ نموونە:

بە خاکی وڵاتم، گەلم، میللەتم
کەسم کۆمەڵم لا ئەبەن زیللەتم ل١١٣

لەم دێرەدا شاعیر (٨) جار دەنگی نەبزوێنی (م) ی دووبارەکردۆتەوە، بەهۆیەوە ئاوازەیەکی تایبەتی بە شیعرەکە داوە، دەلالەت لە هەست و سۆزێکی هێمن

---

١. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە دیوانی ئەسیری وەرگرتووە، ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦. لە هەموو نموونە وەرگیراوەکان تەنیا ئاماژەمان بە ژمارەی لاپەڕەی دێرە شیعرەکە کردووە.

دەکات، لایەنی دەروونی ئارام و سۆزاوی لەکاتی خوێندنەوەدا بە گوێگر دەبەخشێت، دەنگەکانی زمان هەر یەکە بە گوێرەی بەرزی و نزمی ئاوازەکەی ڕیتم و مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە، شاعیر ئازادە لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، مەرج نییە شاعیر دەنگەکان بە شێوەیەکی یەکسان، لە ناو دێری شیعریدا دابەش بکات.

**٢. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی (ر)**

دەنگێکی نەبزوێنی گڕە، سیفەتێکی ئاشکرای هەیە، «جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و دوو دڵی تێدایە» (عزیز، ٢٠٠٩، ٢٢)، بە دووبارەکردنەوەی ئیستاتیکایەکی جوان و خۆش ئاواز بە مۆسیقای شیعرەکە دەبەخشێت، بۆ نموونە:

دەربەدەر بوون ماڵ و منداڵی شەهیدانی گەلت

چۆڵ و وێرانە سەراسەر ئێستە دێ و و شاری تۆ[ل١٧١]

لەم دێرەدا (٦) جار دەنگی (ر) دووبارە بۆتەوە وەک لە واتای شیعرەکەدا دیارە، دڵەڕاوکێ و دوودڵی زۆر بەڕوونی بە شاعیرەوە دیارە، بەرانبەر بە وەسفکردنی خاک و میللەت و نیشتیمانەکەی، بەوەی کەوا میللەتەکەی دووچاری ماڵوێرانی و دەربەدەری بووە، شاعیر لە دڵەڕاوکێ و ڕارایدا بووە بۆ خۆشەویستی میللەتەکەی.

بۆ ئەم ڕاراییەی شاعیر پێویستی بە هەڵبژاردنی دەنگێک هەیە، کە سیفەتی ڕارایی تیا بێت، کاتێک شاعیر دەنگی (ر) هەڵدەبژێرێ لەوانەیە بێئاگا ئەو دەنگەی هەڵبژارد بێت، بەڵام ئەمە لە لایێك سروشتی گۆکردن و دووبارەکردنەوەی دەنگەکە خۆیەتی، لەو لاشەوە هەستی ڕاستەقینەی خودی شاعیرە بەرانبەر بەو کارەساتە ناخۆشانەی، کە بە سەر میللەتەکەیدا هاتووە، لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، ئەم هەستەی شاعیر بەسەر گوێگردا زاڵ دەبێت دەکەوێتە سەر هەمان هەستی شاعیر و کاریگەری لەسەر دەروونی دەکات.

**٣. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی (ش)**


دەنگێکی نەبزوێنی خشۆک و کپە، لە ڕووی سیفەتەوە «دەنگێکی خاو و کپ و بێدەنگە» (انیس، ؟، ص٦٩)، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دەنگە نەبزوێنە خشۆکەکان وەکو (س، ش، ز، ژ، ...... تاد) «بەرهەستترن لە دەنگە نەبزوێنە وەستاوەکانی وەکو (ب، پ، ت، ک، ..... تاد) « (کامیار، ١٣٩٠، ٢٢)، مامەڵەی شاعیر لەگەڵ ئەم دەنگەش وەکو دەنگەکانی تری زمانە، بۆ نموونە:

ڕەش دەپۆشین، شیوەنە کوردین لە مانگی ماتەمین

ڕۆژی قورپێوانە ئەمڕۆ مێزەر و سەرپۆشە شین[ل١٥٤]

دەنگی (ش) لەم دێرەدا (٥) جار دووبارە بۆتەوە، بە شێوەیەک (٣) جار لە نیوە دێری یەکەم و (٢) جار لە نیوە دێری دووەم، بە شێوەیەک مۆسیقایەکی تایبەتی بە دێرەکە بەخشیوە، هەستێکی تایبەت و سۆزاوی بە خوێنەر دەبەخشێت

دووبارەی دەنگە نەبزوێن و بزوێنەکان ژمارەیان زۆرە، بۆیە تەنها نموونەمان لە هەندێک لەو دەنگانە وەرگرتووە، بەڵام لە خوارەوەدا ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی شیعرە کوردییەکانی سەرتاپای شیعرەکانی دیوانی (ئەسیری) دەخەینە ڕوو:




هەروەک دەردەکەوێت کۆی گشتی دەنگە بەکارهاتووەکانی شیعرە کوردییەکانی (ئەسیری) (١٠٨٧٠٣) دەنگە، کە (٥٢٩٨٨) دەنگیان بزوێن و (٥٥٧١٥) دەنگیان نەبزوێنن. دەنگە بزوێنەکان ئەگەر چی لە ژمارەدا کەمترن لە چاو نەبزوێنەکان کەچی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان لە سەرجەم شیعرەکاندا (٤٩٪)یە، لە بەرانبەردا دەنگە نەبزوێنەکان لە ڕێژەدا پێنج ئەوەندەی دەنگە بزوێنەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێژەی (٥١٪)ی دەنگەکان دووبارە بووەتەوە، هەر چەندە هەموو دەنگەکان مۆسیقا و دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لە بزوێنەکان بە تایبەتی بزوێنی کورتی (ە) ڕێژەی دووبارەبوونەوەی لە هەموو دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان زیاترە، ئەم دەنگە لەکاتی گۆکردن بەخێرایی دەردەچێ و ئاواز و دەربڕینی

نـەرم بەرهـەم دێنـێ، لـە چـاو بزوێنـە درێـژەکان، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە دەنگـی بزوێنـی (ە) لـە هەمـوو دەنگـەکانی تـر چالاکـترە لـە ڕۆنـانی وشـەی کـوردی.

**٢. دووبارەکردنەوەی دوو دەنگی**

**أ. هاوبەندی یەکگرتوو**

مەبەسـت لـەم دووبارەکردنەوەیـە ئەوەیـە "دوو فۆنیمـی دووبارەکـراو لـە بڕگەیەکـی وەک یەکـدا، یـان بـە پێچەوانـە لـە بڕگەیەکـی تـردا دووبـارە دەبنـەوە" (عەبدوڵـڵا، ٢٠٠٨، ١٠٨)، واتـە دوو دەنگـە وەک یەکەکـە، کـە لـە دوو بڕگـەی وەک یـەک یـا بـە پێچەوانـە دێـن، لـە دوو وشـەی بـە دوای یەکـدا هاتـوو، یـان لێکدابـڕاودا، بـۆ نموونـە:

**وەک یەک:**

لـە نزمایـی و نشـێوی خاکـی تاتـان
دەسـووتێی و دەخنکێـی بچیـە لاڕێ [٢٧٣ل]

دەنگـی (د + ە / د + ە) وەک یـەک لـەم دێـرە شـیعرەدا لـە وشـەی (دەسـووتێی، دەخنکێـی) دووبارەبووەتـەوە.

**پێچەوانە:**

گوڵـی نـازە لـە گوڵـزاری بەهـارا
لەنـاکاو هەڵـوەری لـەم نەوبەهـارە[٤١ل]

لـەم دێـرەدا دەنگـی (و + ە / ە + و) لـە وشـەی (هەڵـوەری، نەوبەهـارە) بـە پێچەوانـە لـە دوو وشـەدا دووبـارە بووەتـەوە.

**ب. هاوبەندی لێکجیا**

ئـەو دووبارەکردنـەوەی دەنگەیـە، «دوو دەنگەکـە لـە دوو بڕگـەی لەیـەک جیـادا بێـن لـە دوو وشـەی بەیەکـدا هاتـووی وەک یـەک یـان پێچەوانـە» (محەمـەد، ٢٠١٥، ١٥٠ــ١٥١)، بـۆ نموونـە:

**وەک یەک:**

باسـی خنکانـی کەسـانت لـە ڕووبـار و دەریـا
لە هەمـوو کۆمـەڵ و جێـگا، لـە گـۆوارا دەلـەرێ [٢٧٥ل]

دەنگـی (ا ن / ا ن) لـە نیـوە دێـری یەکـەم لـە وشـەی (خنـکانی، کەسـانت) بـە شـێوەی لێـک جیـا لـە دوو بڕگـەی جیـاواز بـەکار هاتـووە.

**پێچەوانە:**

خانمـی دیـش نـاوی ئـەو کۆتاییـە
پێگەیشـتووی خێڵی (مەقسـوودانی)یە [٨٧ل]

دەنگـی ( ا – ن / ن – ا ) لـە نیـوە دێـری یەکـەم لـە دوو وشـەی (خانمـی، نـاوی) بـە شـێوەی لێـک جیـا لـە دوو بڕگـەی جیـاواز بـەکار هاتـووە.

**ج. هاوبەندی جوداکراو**

ئـەو دووبارەبوونەوەیـە، دوو دەنگەکـە لـە وشـەی یەکەمـدا لەیـەک بڕگـەدا هاتبـێ و لـە وشـەی دووەمـدا لـە دوو بڕگـەی لەیـەک جیـا هاتبـێ، لـە دوو وشـەی بـە دوای یەکداهاتـوو، یـان لێکدابـڕاو بـە شـێوەی وەک یـەک یـان پێچەوانـە، بـۆ نموونـە:

**وەک یەک:**

چاخـی فرسـەت لێـی گـەڕان پاشا پەشـیمانی چ سـوود
بۆیـە بـەر بـاد و پەرێشـان بـوو گەلـی دینـداری تـۆ [١٧٢ل]

لـەم دێـرەدا (ا + ن / ا - ن)، لـە وشـەی یەکـەم (گـەڕان) لەیـەک بڕگـەدا هاتـووە، بـەڵام لـە وشـەی دووەم (پەشـیمانی) لـە دوو بڕگـەی جیـادا هاتـووە.

**پێچەوانە:**

زەنـد و ئاویسـتای مەجـووس دەرسـی نـەدی بوو خـۆ لەوە
هـەر دەسـتووری ئەهریمـەن خـۆ نەبـوو باسـی ئـەوە [٣٦ل]

لـەم دێـرەدا دەنگـی ( د + ە / ە + د ) لـە وشـەی (دەرسی) لەیـەک بڕگـەدا هاتـووە، بـەڵام لـە وشـەی (نـەدی) لـە دوو بڕگـەی جیـادا بـە پێچەوانـە هاتـووە.

**د. هاوبەندی کۆکراو**

ئـەم دووبارەبوونەوەیـە، پێچەوانـەی هاوبەنـدی جـودا کـراوە، چونکـە دوو دەنگـە دووبارەکراوەکـە لـە وشـەی یەکەمـدا لـە دوو بڕگـەی لەیـەک جیـادا دێـن، لـە وشـەی دووەمـدا لەیـەک بڕگـەدا هاتـن لـە دوو وشـەی بەدوایەکداهاتـوو، یـان لەیـەک دابـڕاو، بـۆ نموونـە:

**وەک یەک:**

مێـزەری مـەلا کـە دەرکـەوت، زوو بەزوو هەڵسـاین لەوێ
چونکـە مـەلا ڕەخنەگیـر و، گـەورە و مەندانەبـوو [١٦٧ل]

دەنگـی (ە - ر / ە + ر) لـە وشـەی (مێـزەری) لـە دوو بڕگـەدا هاتـووە، بـەڵام لـە وشـەی (دەرکـەوت) لەیـەک بڕگـەدا هاتـووە، لـە دوو وشـەی لەیـەک جیـا.

**پێچەوانە:**

ئامــەدی کوردوســتانە بۆیــە دەیکێشــم مەڵــێ
با لە جێی ئەو ئابریشم پێک بێنێ پیاوی میللەتت [٥٨]

لەم دێرەدا دەنگی ( ە - د / د + ە ) لە وشەی (ئامەدی) لە دوو برگەدا هاتووە، بەڵام لە وشەی (دەیکێشم) لەیەک برگەدا هاتووە لە دوو وشەی لەیەک جیا.

**٣. دووبارەکردنەوەی سێ دەنگی**

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی سێ دەنگ لە ناو دێرە شیعردا، لە ناو دوو وشەی جیاواز یان وەکو یەک، لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی دێرە شیعرەکە بە شێوەی ستوونی یان ئاسۆیی دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە:

خــوا دەیزانــێ ڕۆڵــە دەردەداری حــاڵ و باڵــی تــۆم
ئەبەد نایێتە بیرم زەڕەیێ تەدبیری ماڵی خۆم [١٢١]

لەم دێرە شیعرەدا سێ دەنگە دووبارەکراوەکە (ب، ی، ر) بە هەمان ڕیزبەندی لە دوو وشەی (بیرم، تەدبیری)دا دووبارەبوونەتەوە بە شێوەی ئاسۆیی.

گوێ لە من کە بۆت بڵێم ئەی کوردی مەرد
وەقعەیی دڵسۆز، تا بتکاتە بەرد ل٧١

لەم دێرە شیعرەشدا سێ دەنگە دووبارەکراوەکە (ە، ر، د) بە هەمان ڕیزبەندی لە دوو وشەی (مەرد، بەرد) دا دووبارە بوونەتەوە بە شێوەی ستوونی، ئەمەش لەبەر وشەی سەروایە، ئاوازەیەکی دLگیر بە دەقی شیعرەکە دەبەخشێت.

هــاوارە پێغەمبــەر بکــە دەرمانــی دەردی یــا تەبیــب
کەوتۆتە دەردی بێ دەوا چارەی بەتۆ دەکرێ حەبیب [٤٨]

دەنگەکانی ( د، ە، ر) لە سەرەتای وشەکانی (دەرمانی دەردی) هاوبەشن.

**٤. دووبارەکردنەوەی چوار دەنگی:**

وا دەبێ شاعیر لەو وشانەی، کە بۆ دارشتنی دێرە شیعرەکەی هەڵبژاردوون، لە دەنگەکاندا هاوبەشی پەیدا دەکەن تا ژمارەی ئەو وشانەش زیاتر بێت لە هاوبەشی دەنگدا ئەوەندە شیعرەکە جوان و مۆسیقیتر بەرهەست دەکەوێت، (ئەسیری) هونەریانە وشەکانی هەڵبژاردووە، مۆسیقایەکی جوانی دەربڕیووە، بۆ نموونە:

کــە جێــت هێشــتین و ئنجــا لێــت گەیشــتین
چلــۆن بــوو بــۆ گەلــت هــەوڵ و دەوانــت [٦٢]

لەم دێرەدا دووبارەکردنەوەی ئەم چوار دەنگە (ش، ت، ی، ن) لە هەردوو وشەکانی (هێشتن و گەیشتن)دا، مۆسیقاییێکی جوانی بە بەر واتاکەیدا کردووە، وشەکان زیاتر بەرهەستی خوێنەر دەکەوێت و سەرنجی ڕادەکێشێت.

نــەورۆزی چــی، پیــرۆزی چــی
بادەی مەیی لەب دۆزی چی [٢٣٩]

لەم دێرەدا دووبارەکردنەوەی دەنگی (ر، ۆ، ز، ی) لەهەر دوو وشەکانی (نەورۆزی، پیرۆزی)، بەمەش وشەکان زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.

**٥. دووبارەکردنەوەی پێنج دەنگی:**

(ئەسیری) لە دووبارەکردنەوەی ژمارەی دەنگەکان لە چەند دەنگێک تێدەپەڕێنێ، بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانی و دروستکردنی ڕیتم و سەدایەکی خۆش بۆ دێرە شیعرەکەی، نموونەی دووبارەکردنەوەی پێنج دەنگی لای شاعیر لە چەند شوێنێک بەر چاو دەکەوێت، بۆ نموونە:

قەڵاتی کەرکووک لەجێی جەرمەنە
نیشتەنی کۆنی خێڵی کرمەنە [٢١٧]

دەنگی (ر، م، ە، ن، ە) لە دوو وشەی (جەرمەنە و کرمەنە) دووبارە بووەتەوە، بەمەش وشەی سەروای ئاوازدارتر کردووە.

**٦. دووبارەکردنەوەی شەش دەنگی**

(ئەسیری) لە دووبارەکردنەوەی دەنگەکاندا (شەش) دەنگی دووبارەکراوی لە دوو وشەی لەتەک یەکدا هاتووە دووبارە کردۆتەوە، دووبارەکردنەوەی ئەم (شەش) دەنگە بە تایبەت لەتەک یەک دانانیان ڕیتمێکی جوانی بە نیوە دێرەکە بەخشیوە، بۆ نموونە:

تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە
دڵ پەرۆشێکی هەیە، ئارام و وێستانی نییە [٢٣١]

دووبارەکردنەوەی دەنگی (د، ە، ر، م، ا، ن) لە دوو وشەی (دەرمانگە و دەرمانی) لەتەک یەکدا، هەستێکی دەروونی جوانی دەربڕیووە، شاعیر بە دووبارەکردنەوەی ئەو (شەش) دەنگە، لەم شیعرەدا هەڵبژاردنی دەنگەکان و واتای دێرە شیعرەکە لەگەڵ یەکدا دەگونجێ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی

بــە دەربڕینــی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و نیشــتیمانپەروەریی شــاعیرە بەرانبــەر بــە میللەتەکــەی.

**٧. بەریەککەوتنی دەنگەکان**

بەریەککەوتنــی دەنگــەکان جۆرێکی دیکــەی دووبارەبوونەوەی دەنگــە، ئــەم دیاردەیــەش بریتییــە «لەبــەر یەککەوتنــی دوو دەنگی وەک یـەک، یـان نزیـک لـە یـەک، لـە تاکـە وشـەیەکدا، یــان لــە دوو وشــەی هاوســێدا» (محەمــەد، ٢٠١٥، ٩٣)، واتــە هەندێـک جـار لـە شـیعردا دوو دەنگـی وەک یـەک، یـان نزیکـی یـەک لـە یـەک وشـەدا، یـان لـە دوو وشـەی پـاڵ یەکـتری بـەر یـەک دەکـەون، هــەر کاتێکیــش ئــەم دوو دەنگــە بــەر یــەک دەکــەون ڕیتــم و ئاوازێکــی تایبــەت لــە دەقەکــەدا دروســت دەکــەن. ئـەو دوو دەنگـەی، کـە لـە تـەک یەکـدا دێـن، وەک یــەک دەنــگ دەردەکــەون، بــەڵام بــە هــۆی ئــەو هێــزەی لــە گۆکردنـدا دەخرێتـە سـەر مـاوەی دەربڕینەکـەی درێژتـر دەبێـت، بێــزاری لای خوێنــەر دروســت نــاکات، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە ڕیتـم و مۆسـیقایەک بـە دەقەکـە دەبەخشـێت. بەمـەش خوێنـەر هەسـت بـەو ڕیتـم و مۆسـیقایە دەکات و کاریگـەری لەسـەر دڵ و دەروونی دەبێـت و هەسـت بـەو چێـژە دەکات، کـە لـە نـاو دێـرە شـیعرەکەدا هەیـە.

**أ. بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک لەیەک وشەدا**

بۆ نموونە:

گـەورەی هەمـوو لایـێ بـوو ڕەئیسـی هەمـوو میللـەت

خـۆی و کوڕەکـەی شـێخ سـەعید کەوتنـە زیللـەت [ل٤٧]

دوو دەنگـــی (ل) لـــە وشـــەی (میللـــەت، زیللـــەت) بەریەککەوتــوون، دەنگــەکان کەوتوونەتــە نــاو یــەک وشــە، ئــاوازی وشــەکەی درێژتــر کــردووە، بــەم بەریککەوتنــە وشــەی ســەرواش هاوکێــش بــووە، شــاعیر ســەرکەوتووانە دەنگــەکانی بــەکار هێنــاوە، ســەرنجی خوێنــەر بــۆ خــۆی ڕادەکێــشی.

**ب. بەریەککەوتنـــی دوو دەنگـــی وەک لـــە دوو وشـــەی جیــادا**

بەخۆت و لەشکر و پۆلت لەسـەر گۆڕم مەشـق دادەن

ئومێـدم وایـە زنـدوو بـم لەبـەر شـادی بـە ئـەو حاڵـە [ل٢٠٤]

لــەم دێــرەدا دوو دەنگــی (م) لــە کۆتایــی وشــە (گــۆڕم) و ســـەرەتای وشـــەی (مەشـــق) کەوتوونەتـــە پـــاڵ یەکـــتری و بەریەککەوتـــوون.

بەریەککەوتنــی دەنــگ لــەلای (ئەســیری) بــە شــێوەیەکی ڕوون و لێهاتووانــە پەیــڕەو کــراوە، وشــەکانی پــێ ئاوازەدارتــر کــردووە، بەریەککەوتنــی دەنگــی (ل) لــە شــیعرەکانیدا (١٧٠) جــار بــەکار هاتــووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا (١١٤) جــار ئــەم دەنگــە بــەر یــەک کەوتــووە لــە وشــەی (میللــەت)، بەمــەش بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە لـە ڕێگـەی ئـەم وشـەیەوە توانیویـەتی هەسـتی خۆشەویسـتی ناخـی بـۆ میللەتەکـەی و ئاوازەدارتـر کـردنی شـیعرەکانی بـەم وشـەیە، هەسـتی نیشـتیمانپەروەری و کۆمەڵایـەتی شـاعیر بـە دیـار بخـات، بـۆ ئـەوەی بـە خەڵکـی وڵاتەکـەی بگەیەنێـت، کـە چەنـد ناخـۆشی و نـا هەمـواری بـە سـەر خەڵکەکەیـدا هاتـووە و دەربڕینـی هەسـتی ناخـی پـێ ڕازاوەتــر و بەرهەســتر دەکات.

**دووەم: دووبارەکردنەوەی وشە**

دووبارەکردنـەوەی وشـە چەنـد جارێـک لـە دێـرە شـیعردا، جگــە لــە ڕاگرتنــی هاوســەنگیی نێــوان دێــرە شــیعرەکان، هۆکارێکیشــە بــۆ دروســتکردنی مۆسـیقایەکی سـەرنجڕاکێش بـۆ دەقــە شــیعرییەکە.

کەواتــە دووبارەکردنــەوە جگــە لــە ئەرکــی ئیســتاتیکی و واتایــی مەبەســتێکی شــاعیری لــە پشــتەوەیە، چونکــە شــاعیر ئــەو وشــەیەی دەیهێنێتــەوە مەبەســتێکی هەیــە و پەیوەسـتە بـە بـاری دەروونی شاعیرەوە، ئەمـەش وا دەکات، کـە دووبارەکردنــەوەکان هۆکارێــک بــن بــۆ گەیشــتن بــە لایەنــە دەروونییــەکانی شــاعیر و دەرخســتنی لایەنــە نادیــارەکانی، بــەو مەرجـەی هەمـوو وشـە دووبـارەکان «واتایـان یـەک بێـت و لـە جارێکــەوە بــۆ جارێکــی تــر واتایــان نەگۆڕێــت» (عەبدوڵــڵا، ٢٠٠٣، ٤٩).

ئــەم دووبارەکردنەوەیــە ڕۆڵــی خــۆی لــە دروســتکردنی هاوسـەنگیدا هەیـە، بـەڵام جگـە لـەو سـوودە بـۆ مەبەسـتی جۆراوجــۆر دەبێــت لەوانــە: «دووپاتکردنــەوە، دامەزرانــدنی کێـش و دروسـتکردنی سـەروا، هاوسـەنگیی مۆسـیقا، فـراوانی و بەرهەســتکردن، بەردەوامییێــدان و پێکەوەبەســتن» (عەبدوڵــڵا، ٢٠٠٨، ١٢٣ــ١٢٤). (ئەسـیری) زۆر جـار لـە هەنـدێ دەقـی شــیعردا چەندیــن وشــە دووبــارە دەکاتــەوە، لــە خــوارەوە دەستنیشــانیان دەکەیــن:

**أ. دووبارەکردنەوەی وشە لە ئاستی ئاسۆییدا**

لەم ئاستەدا دووبارەکردنەوەی وشە بە هەمان واتا دووبارە دەبێتەوە لە یەک دێرە شیعردا، کە بە دوای یەکدا دێن بە ئامراز، یان بێ ئامراز بۆ نموونە:

گەر بە ئاگر بمسووتێنن کوردم و کوردم دەوێ

کوشتیی خاکی پاکمم، قوربانی خزمانی گەلم ل١٢٤

لە نیوە دێری یەکەمدا وشەی (کوردم) دووجار دووبارە کراوەتەوە بە شێوەیەکی ڕێک بە دوایەکدا هاتوون و ڕیتمی شیعرەکەی پێ خۆش و ئاوازەدارتر کردووە، شاعیر لێرەدا بۆ مەبەستی شانازیکردنی بە کوردایەتی خۆیی وشەی کوردی دووجار پات کردۆتەوە، بۆ چەسپاندنی ئەو خۆشەویستییەی لە دڵیدا هەیە، تەنانەت خۆشویستنەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەیی، کە گیانی خۆی بۆ خاکی وڵاتەکەی بەخش بکات، بەمەش جەخت لەسەر کوردایەتیی خۆی دەکات و دووپاتی دەکاتەوە.

چارەیی زانین و زانستی، کە پێک بێ زوو بە زوو

هۆ جگەر برژاو کوڵینی گەل لەزەر پڕکردنە ل٢١١

لە کۆتایی نیوە دێری یەکەم وشەی (زوو) دووبارەبووەتەوە لە ئاستی ئاسۆیدا بەهۆی ئامرازی (بە) وە شاعیر بۆ مەبەستی تەئکید کردن بەکاری هێناوە.

هەرچەند کە تووشی تەهلوکەیێ بم لە ڕێی وەتەن

دەم دەم زیاد ئەبێ شەرەف و شان و عیززەتم ل١١٤

لە سەرەتای نیوە دێری دووەم وشەی (دەم) دووجار دووبارە بۆتەوە بێ ئامراز.

**ب. دووبارەکردنەوەی وشە لە ئاستی ستوونیدا**

لەم ئاستەدا دووبارەکردنەوەی وشە بە هەمان واتا دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام دەکرێ لە دێرێک زیاتر لە ناو شیعردا دووبارە ببێتەوە، بۆ نموونە:

گەل کە پێویستی نەکا خۆی، کە نەپۆشێ وەتەنی

ئەو گەلە نرخی نییە حەققە نەڵێن پێی مەدەنی ل٢٤٨

لە سەرەتای هەردوو نیوە دێرەکە وشەی (گەل) بە هەمان واتا و بە مەبەستی بەرهەستکردن و دووپاتکردنەوە دووبارە بۆتەوە.

خانەگاهی مونەووەرە، یانە

یانە پێویستی ژینی لاوانە ل٢١٠

لەم دێرەدا وشەی (یانە) لە کۆتایی نیوە دێری یەکەم و سەرەتای نیوە دێری دووەم دووبارە بۆتەوە، ئەمەش جوانییەکی بە شیعرەکە بەخشیوە.

(ئەسیری) لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەدا توانیویەتی هەستەکانی ناخی دەرببڕێ، لێهاتووانە وشەکانی دووبارە کردۆتەوە، بۆ جەختکردنەوە لەسەر واتایێک بێت، یان بۆ دەربڕینی حاڵەتێکی دەروونی، یان کۆمەڵایەتی و نیشتیمانپەروەری، یان هەر حاڵەتێکی تر بێت، کە گوزارشتی لێ دەکات، بەهۆی ئەمەشەوە مۆسیقایەکی خۆش بۆ دەقە شیعرەکانی دروست دەکات، بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێ دێڵێت.

**سێیەم: دووبارەکردنەوەی ڕستە**

لەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەدا، شاعیر چەند جارێک ڕستەیەک دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش گەورەترین یەکەی دووبارەکردنەوەیە لە ناو شیعردا، چونکە یەکەکانی دەنگ و وشەش هەر دەکەونەوە ناو ئەمجۆرە دووبارەکردنەوەیە.

ئەو دووبارەبوونەوەیە دەبێتە «کلیلێک بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی گشتی، سەرەڕای ئەوەی کە هاوسەنگییەکی ئەندازەیی و سۆزداری لە نێوان وشە و واتایەکەی بەدی دەهێنێت» (محەمەد، ٢٠١٥، ١٠٠). دووبارەکردنەوەی ڕستە لە ناو دەقی شیعریدا لایەنێکی جوانکاری و هەڵگری دەلالەتێک بە شیعرەکە دەبەخشێت.

ئەگەر سەرنج لە شیعرەکانی (ئەسیری) بدەین، ئەوا دووبارەکردنەوەی ڕستە لە چاو جۆرەکانی تری دووبارەکردنەوە کەمتر بەکار هاتووە، بە زۆریش ڕستە دووبارەکردنەوەکان لە ناو فۆرمی شیعری (تەرجیع بەند) دا بەکاری هێناوە. بۆ نموونە:

وتم بەگوڵشەنی وەتەن بەکێیە ئاوی ڕەنگ و ڕووت؟

وتی: نموود و شیرینیم بە یادی شادی سەی تەها

وتم بە کۆمەڵی گەلم بەکێ بڵند و دیار ئەبی؟

وتی: لە ڕووی جیهان ئەبم بە عەدل و دادی سەی تەها ل٦٨

(وتم) لە سەرەتای نیوە دێری یەکەمدا دووبارە بووەتەوە، (وتی) لە سەرەتای نیوە دێری دووەم دووبارە بووەتەوە

پێوە بووم ئەمما چلۆنیش پێوە بووم
وا لەشم فەوتان و ئینجا لێوە بووم [ل١١٩]

(پێوە بووم) لە سەرەتا و کۆتایی نیوە دێری یەکەمدا دووبارە بووەتەوە، بەم دووبارەبوونەوەیەش هەست بە ئازار و دەروونی شاعیر دەکرێت، کە لە ژیانیدا ڕووی داوە.

**چوارەم: دووبارەکردنەوەی ئامراز**

دووبارەکردنەوەی ئامرازەکان لە ناو دەقی شیعرییدا ڕۆڵی لە جۆرەکانی تری دووبارەبوونەوە کەمتر نییە، ڕیتمی شیعرەکە بەهێزتر دەکات. دووبارەکردنەوەی ئامرازەکانیش ئەمانەن: (ئامرازی لێکدەر، ئامرازی پرس، ئامرازی نەرێ، ئامرازی بانگکردن، ئامرازی مەرج).

**١. دووبارەکردنەوەی ئامرازی بانگکردن (ئەی)**

ئەی ساحیبی فیکری حیکەمی و کەللەیی پڕ هۆش
ئەی دائیرەیی مەرکەزی موڵکی شەهی بابان
ئەی تازە نەمامی چەمی شیرینی سمایل
ئەی لالەیی بەڕراق و گەشی چیمەنی عەدنان [ل١٣٤]

ئەم دووبارەکردنەوە ستوونییەی (ئەی)، جوانکارییەکە شاعیر لەپاڵ ڕیتمدا دەیکات.

**٢. دووبارەکردنەوەی ئامرازی پرس (کەی)**

تاکو کەی ئەم سەبرە، تا کەی داغی دڵ، تا کەی ئەوات
تاکو کەی گریەی دەروون و سینە، تا کەی غولغولی [ل٢٥٨]

**٣. دووبارەکردنەوەی ئامرازی نەرێ (نە)**

دەم بە دەم پارووی چەور و خۆش و پاکیان پێ بدە
گوێ مەدە بوون و نەبوون و، گەورەیی و هات و نەهات [ل٥٠]

لەم دێرەدا بە دووبارەکردنەوەی ئامرازی (نە) دژیەک لە نێوان وشەکان دروست بووە، بەمەش ڕیتمێکی دەنگداری بەهۆی ئەم دووبارەکردنەوەیە دروست کراوە.

یارەب چە موسیبەتێکە لە کوردانی ئێمە قەوما
لەم میللەتە مەزڵوومە نە خۆراک و نە خەوما [ل٤٦]

**٤. دووبارەکردنەوەی ئامرازی مەرج (ئەگەر)**

ئەگەر ئارامی و کووسی، ئەگەر کرمانج و گورد و کورد
هەموو یەک تایەفەن ڕۆڵە، دەڵێ تەئریخی باوەی تۆ [ل١٧٨]

**٥. دووبارەکردنەوەی ئامرازی لێکدەر (یا)**

تەحەممول ناکرێ یا بێرەوە یا ئێمە بێین بۆ لات
وەکو تۆ نابێ هەرگیز ئەو کەسەی وا دێتە جێ بۆمان [ل١٣٣]

**پێنجەم: دووبارەکردنەوەی دەستەواژە**

دووبارەکردنەوەی دەستەواژە، جۆرێکی تری دووبارەکردنەوەیە لە شیعردا، شاعیر دەقەکانی پێ دەردەبڕێ و جوانییەکی پێ دەبەخشێ، بۆ نموونە:

لە داخی گەل زوانم بەستراوبوو
لە داخی تۆ کراوە بۆ بەیانت [ل٦٢]

دووبارەکردنەوەی دەستەواژەیە لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و دووەم.

لە لایێ تەون ئەکەن، لاکێش ئەهۆنن
لە لایێ خورج ئەهۆنن بێستارن [ل١٤١]

دووبارەکردنەوەی دەستەواژەیە لە دەسپێکی سەرەتای نیوە دێری یەکەم و دووەم.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت (ئەسیری) لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ جۆری دووبارەکردنەوەکانی کردووە، هەر دووبارەکردنەوەیەکیش بەدەر نییە لە حاڵەتی دەروونی و ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونەکانییەتی، بەمەش هەر دووبارەبوونەوەیەک هەم ڕەهەندێکی دەروونی، هەم مەبەست و واتایەکی لە پشتە، کە شاعیر لە ڕێگەیانەوە هەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ و خوێنەرانیش هەم چێژ و هەمیش لە هەستی شاعیر دەگەن، کە لە چ حاڵەتێکدا ژیاوە، دەربڕینەکانی هەڵگری چ مەبەستێکە، بەمەش دووبارەکردنەوە و مۆسیقا و ئاوازی دەربڕین کاریگەرییەکی ئیستاتیکی لە دروستکردنی شیعرەکانی (ئەسیری)دا هەیە، ئەمەش بۆ لێهاتوویی شاعیر دەگەڕێتەوە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی دەنگ و وشە و ڕستەی دەقە شیعرییەکانی.

**بەشی دووەم: یاسا دەنگییەکان**

**یەکەم: گڕی و کپی دەنگ**

جۆری دەنگەکان لە ڕووی گڕی و کپییەوە کاریگەری لەسەر مۆسیقای شیعری هەیە، بەکارهێنانی دەنگە نەبزوێنە کپەکان ئارامییەک بە مۆسیقای شیعر دەبەخشێت، هەڵگری دەربڕینی هەست و سۆزی لەسەرخۆن، بەڵام دەنگە نەبزوێنە گڕەکان، مۆسیقای ڕەق و توند دەبەخشێت،

کاریگەریـی هەڵچـوونی تایبـەت لـە لای خوێنـەر، یـان گوێگـر دروسـت دەکات، بەمـەش هەڵگـری هەڵچـوون و دەربڕینـی تونـد و تیـژە، چونکـە ئـەو شـیعرەی، کـە لـە دەمـی شـاعیرەوە دەبیسـترێت کاریگـەری زیاتـرە لـەوەی، کـە خۆمـان دەیخوێنینـەوە.

**دەنگە کپەکان**

ئـەو دەنگانـەن «لـەکاتی تێپەڕبـوونی هـەوای سـەرکەوتووی سـییەکان بـە قوڕگـەوە ئـەوا دوو ژێیەکـە لـە یەکـتر دووردەکەونـەوە، واتـە بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێگـری لـە هەواکـە ناکـەن، بەمـەش لـەکاتی تێپەڕبـوونی هەواکـە تاڵـە دەنگییـەکان نالەرێنـەوە» (دزەیـی، ٢٠١٥، ٦٦). دەنگـە کپـەکان لـە زمـانی کوردیـدا بریتیـن لـە (پ، ت، ک، ق، چ، س، ش، ف، خ، ح، هـ ، هەمـزە).

دەنگـە نەبزوێنـە کپـەکان لـە دیـوانی (ئەسـیری)، جگـە لـە دەنگـە کپـەکانی زمـانی کـوردی، چەنـد دەنگێکـی کپـی زمـانی عـەرەبی بـەکار هێنـاوە ئەوانیـش وەکـو: (ط، ص، ؤ، ء، ث، ة). بەمـەش ژمـارەی دەنگـە نەبزوێنـە کپـەکان دەکاتـە (١٨) دەنـگ، کـۆی گشـتی نەبزوێنـە کپـەکانی لـە دیـوانی (ئەسـیری) (٢١١٠٧) دەنگـە.

**دەنگە گڕەکان**

ئـەو دەنگانـەن لـەکاتی تێپەڕبـوونی هـەوای سـەرکەوتووی سـییەکان بـە قوڕگـەوە ئـەوا دوو ژێیەکـە لـە یەکـتر نزیـک دەکەونـەوە، بەمـەش لـەکاتی تێپەڕبـووانی هەواکـە تاڵـە دەنگییـەکان جـۆرە تەسـکبوونەوەیەک لـە بـەردەم هـەوای تێپەڕبـوو دروسـت دەبێـت. بـە واتایەکـی تـر «بریتییـە لـەو دەنگـە زمانییـەی، کـە ژێیـەکانی قوڕگـی لەگەڵـدا دەلەرێتـەوە» (تالیـب، ٢٠٠٥، ل٢٢٤). ئـەو دەنگانـەش بریتیـن لـە (ب، د، گ، ژ، ز، ڤ، غ، ع، م، ن، ل، ڵ، ڕ، ج).

(ئەسـیری) جگـە لـەم دەنگـە نەبزوێنـە گڕانـە، دەنگـە نەبزوێنـە گـڕەکانی زمـانی عـەرەبی بـەکار هێنـاوە ئەوانیـش وەک: (ض، ذ، ظ). بەمـەش ژمـارە دەنگـە نەبزوێنـە گـڕەکان دەبێتـە (١٨) دەنـگ، کـۆی گشـتی نەبزوێنـە گـڕەکانی (٣٤٦٠٨) دەنگـە.

لـە کـۆی گشـتیی دەنگـە بەکارهاتـووەکانی شـیعرە کوردییـەکانی (ئەسـیری) کـە (١٠٨٧٠٣) دەنگـە، (٥٥٧١٥) دەنگییـان نەبزوێنـە و لـە کـۆی نەبزوێنەکانیـش نەبزوێنـە کپـەکان (٢١١٠٧) دەنگـە، نەبزوێنـە گڕەکانیـش (٣٤٦٠٨) دەنگـە، بەمـەش زۆربـەی نەبزوێنـە گـڕەکانی بـەکار هێنـاوە ڕێژەیـان دەکاتـە (٦٣٪) و نەبزوێنـە کپەکانیـش ڕێژەیـان (٣٨٪)ە. ئەمـەش هەڵچـوونی شـاعیرمان بـۆ دەردەخـات، بـۆ دەربڕینـی ئـەو سـۆز و هەڵچوونـە دەروونییـەی ناخـی (ئەسـیری) پێویسـتی بـەو دەنگـە گڕانـە هەیـە، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر خوێنـەر دروسـت دەکات.

**دووەم: گۆڕینی دەنگ**

گۆڕینـی دەنـگ بریتییـە لـە گۆڕینـەوەی دەنگێـک بـە دەنگێکـی تـر بـێ ئـەوەی کار بکاتـە سـەر گۆڕینـی واتـا. لێـرەدا «دەنگێکـی وشـەیەک لـە قسـەی هەنـدێ کەسـدا، دەگـۆڕێ بـە دەنگێکـی تـر لـە قسـەی خەڵکـی تـردا بـێ ئـەوەی ئـەم گۆڕانـە ببێتـە هـۆی گـۆڕانی واتایـی وشـەکە، بـە واتایەکـی تـر، هەمـان وشـە لـە دوو فـۆڕم یـان زیاتـردا دەبیـنرێ بـە هەمـان واتـا دیسـانەوە، هەنـدێ جـار هـەردوو فۆڕمـی وشـەکە لـە یـەک زاردا هـەن، جـاری واش هەیـە هـەر فۆڕمـەی لـە زارێکـی تایبەتیـدا بـەکاردێ» (فتـاح، ١٩٨٧، ٩٥).

ئـەم دەنگەگۆڕکێیـە لەوانەیـە هۆکارەکـەی کـەسی بێـت، یـان دیالێکتـی و جوگـرافی بـێ، کـە ئـەو گۆڕانـە زمانییـە بـۆ گونجـان لەگـەڵ ناوچەکـەی بـەکار دێـت، یـان هـۆکاری دەروونی بێـت، کـە «دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕێـک نەکەوتنـی بزاوتنـی مێشـک و فەرمانـەکانی لەگـەڵ بزووتنـەوەی ماسـولکەکانی ئەندامـانی ئاخاوتنـدا» (محەمـەد، ٢٠١٥، ٤٠).

لـە زمانـدا ئـەم جـۆرە گۆڕانـە دەنگییانـە بـە شـتێکی سروشـتی دادەنرێـت، بـە تایبـەتی لـە نـاو زار و ئاخاوتنـە ناوخۆییەکانـدا، چونکـە ئـەو گۆڕانـە دەنگییانـە وا دەکـەن، کـە کـردەی ئاخاوتـن و قسـەکردن ئاسـان بەڕێـوە بـڕوات و قسـەکەر هـەوڵ دەدات لـەکاتی دەربڕینـی دەربـڕاوە زمانییەکانـدا ئاسـتەنگی زمـانی بـۆ دروسـت نەبێـت، شـاعیریش کاتێـک گـۆڕان لـە دەنگـەکانی زمـان دەکات دەشـێ بـۆ مەبەسـتی ئاوازدارتـر کـردنی سـەروای شـیعرەکە و ڕێکخسـتنی کێـشی شـیعرەکە بێـت لـە ڕووی کـورت و درێـژی بڕگـەوە بێـت تـا کێـشی شـیعرەکە تێـک نەچێـت، بەمـەش جـوانی بـە دەقـە شـیعرییەکە دەبەخشـێت، وشـەی سـەرواکانی ئـەو

دەقە لەسەر یەک مۆسیقا دەبێت و کاریگەری دەروونی لەسەر هەست و سۆزی گوێگر دەکات. گۆڕانی دەنگیش بە دوو جۆر ڕوو دەدەن:

**أ. گۆڕینی بزوێن بە بزوێن**

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی بزوێن بە دەنگێکی تری بزوێن، بەبێ ئەوەی کار لە واتای بنەڕەتی وشەکە بکات. بۆ نموونە:

کەژی کوردستان پڕ پڕ لە فەڕە
وەتەن بانگت دەکا هەستە دەهەڕا [ل١٩٥]

لەم دێرەدا دەنگی بزوێنی (ە) بۆ (ا) گۆڕاوە، لە وشەی (دەهەڕا)، ئەمەش لادانی شێوازییە بەهۆی سەروا.

غیرەتی میللەت کەی ئەبێ بێتە جۆش
گەورە و ساوەی دڵی بێتە خرۆش [ل١٠٦]

لەم دێرەدا، لە وشەی (ساوەی) بزوێنی (ا) بۆ (ە) گۆڕاوە ئەمەش لەبەر پێویستی کێشی شیعرەکەیە، بۆ ڕێکخستنی جۆری کورت و درێژی برگەکان، کە کێشی (سەریعی شەشی مەتوی مەوقووف)ە (مفتعلن مفتعلن فاعلان)×٢.

**ب. گۆڕینی نەبزوێن بە نەبزوێن**

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی نەبزوێن بە دەنگێکی تری نەبزوێن، بەبێ ئەوەی کار لە واتای بنەڕەتی وشەکە بکات، بۆ نموونە:

ئەی نەوڕەسی غونچەی ڕەز و باغی گەلی کوردان
هیوای دڵ و وەی موفتەخەری قەیرە و لاوان [ل١٣٤]

لەم دێرەدا دەنگی نەبزوێنی (خ) بۆ (غ) گۆڕاوە لە وشەی (غونچە و باغ)دا. ئەمەش بۆ شێوەزاری شاعیر دەگەڕێتەوە.

سەنگەر ئەگرن، شەڕ ئەکەن، مێرد و کوڕان
نان و ئاویان بۆ دەبەن دایک و کچان [ل١٣٠]

لەم دێرەدا دەنگی نەبزوێنی (د) بۆ (ئـ) گۆڕاوە، لە وشەی (ئەگرن، ئەکەن).

هەروەک دەردەکەوێت گۆڕانە دەنگییەکان لە شیعرە کوردییەکانی (ئەسیری)دا، لە چەندین دەنگدا کراوە، لە گۆڕانی دەنگی بزوێن بۆ بزوێن، بزوێنی (ا) بۆ (ە) زۆرترین گۆڕانی دەنگییە، لە دەنگە نەبزوێنەکانیش گۆڕانی دەنگی (د) بۆ (ئـ) لە سەرەتای وشەدا زۆرترین ڕێژەی گۆڕانەکانە ئەمەش بۆ لایەنی دەروونی، یان بۆ شێوە زاری شاعیر دەگەڕێتەوە، کە خەڵکی شاری کەرکووکە.

**سێیەم: سووانی دەنگ**

سووانی دەنگ بریتییە لە لەناوچوونی دەنگێک، یان زیاتر، بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی، کە ئەم دەنگانەی تێدا دەردەکەوێت، لە ژێر بارودۆخێکی تایبەتدا دێتە ئاراوە، ئەمەش «چ لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یاخود بۆ مەبەستی کورتی و چڕی و پاراستنی مۆسیقای شیعرەکە بێت» (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١١٦).

بە واتایەکی تر سووانی دەنگ «بریتییە لە لەناوچوونی فۆنیمێک یان زیاتر لە فۆنیمێک لە سنووری وشەیەکدا» (ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٢٠٣).

کەواتە کەمکردنەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێک لە وشەیەک لە لایەن شاعیرەوە بە سووان، یان لەناوچوون ناو دەبرێت، جا دەنگە سوواوەکە لە سەرەتای وشەکەوە بێت، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی. مەبەست و ئامانجی سووانی دەنگ زۆرە لەوانە بە مەبەستی ئاسان دەربڕین و بەکارهێنانی کەمترین وزە لە لای قسەکەر لە دەربڕینی وشەکاندا، هەروەها شاعیر لەبەر هاوسەنگیی کێشی شیعرەکەی، یان سەروای شیعرەکەی پەنا دەباتە بەر سووانی دەنگێک، یان چەند دەنگێک، یان بە مەبەستی داهێنانی شتێکی سەیر و نوێیە، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.

ئەگەر سەرنجی دیوانی (ئەسیری) بدەین، سووانی دەنگی زۆر بەرچاو دەکەوێت، لە دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، بۆ نموونە:

زانیاریی ئاشکار و چشتی پەنهانی خودا
کەی دەبێ میوەی ڕەزی کوردانی بێ کەس دەس بدا [ل٣٣]

بەم شێوەیە فۆنیمی (ت) لە کۆتایی (دەست) و (بدا) سوواوە، سووانی (ت) لە کۆتایی (بدا) بۆ هاوسەنگی کورت و درێژی برگە دەگەڕێتەوە، کە دەبێت برگەی کۆتایی درێژ بێت تاوەکو کێشەکە تێک نەچێت، کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە (فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلن)×٢.

گەر نەجووڵێی ئەسیری بۆ گەلی کورد
ڕۆژێ زووتر لەناو بچی چاکە [ل٢٠٠]

بەم شێوەیە (گەر) دوو دەنگی (ئە)ی سەرەتای سوواوە، دروستەکەی (ئەگەر)ە، شاعیر لەبەر پێویستی شیعری دەنگی (ئە)ی سەرەتایی وشەکەی لابردووە .

غوربەت و تەرکی وەتەن، ڕەنج و ڕەزیلیی پێ دەوێ
تەرکی قەوم و خزم و ئەرباب و کەس و ماڵ و مناڵ [ل١٠٧]

لێرەدا دەنگی (د) لە ناوەڕاستی وشەی (مندال) سوواوە، بەم شێوەیە تەنیا (منال) ماوە، بەپێی ژمارەی برگەکان، کە (١٤) برگەیە ئەگەر (د) نەکرتابا دەبووە (١٥) برگە، کێشی شیعرەکە تێک دەچوو، بەمەش کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووف بەکار هاتووە.

هەروەک دەردەکەوێت کەمکردنەوەی دەنگێک، یان چەند دەنگێک لە وشەیەک لە شیعرە کوردییەکانی (ئەسیری)دا لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا کراوە، بە مەبەستی ئاسان دەربڕین و بەکارهێنانی کەمترین وزە، بەخشینی ڕیتمێکی تایبەت بە شیعرەکە و ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە و هاوئاوازکردنی وشەی سەروا و بەخشینی مۆسیقایەکی خۆش بە شیعرەکە، (ئەسیری) بە شێوەیەکی لێزانانە لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە بەم داهێنانە و سووانە دەنگییانە، کاریگەری زیاترە لەسەر خوێنەر و سەرنجی لەکاتی خوێندنەوەدا ڕادەکێشێت.

**چوارەم: هێز و ئاواز**

هێز و ئاوازە لە فۆنیمی ناکەرتین ڕۆڵی گرنکییان لە واتا گۆڕیندا هەیە، لە شیعریشدا ڕۆڵی خۆی هەیە، ئەم ڕۆڵ و گرنگییەی لەو کاتەدا بە زۆری دیار دەبێت، کە شیعرەکە لە کۆڕی شیعری، یان لە لایەن شاعیر خۆیەوە دەخوێنرێتەوە، چونکە لەو کاتەدا واتای شیعرەکە بۆ خوێنەر زۆر دیارتر و ئاشکراترە لەوەی، کە ئەو بۆ خۆی شیعرەکە بخوێنێتەوە، چونکە خوێنەر ئاگای لە جۆری ئاوازە و شوێنی هێز نییە، بەڵام شاعیر خۆی شیعرەکە دەخوێنێتەوە ئەوا ئاگاداری جۆری ئاوازەکەیە.

**هێز (Strees)**

ئەو وزە زیادەیە دەکەوێتە سەر برگەیەک لە برگەکانی وشە، بەمەش برگە و هێز لە توێژینەوەدا هاوشانن لەیەکتری جیاناکرێنەوە، چونکە "برگە هەڵگری هێزە، هێزیش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ناسینەوەی برگە" (واحد، ٢٠١٣، ٤٧). چەندین پێناسەی بۆ کراوە لەوانە:

"هێز زیادە وزەیێکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە برگەکانی وشە سەرهەڵدەدا" (ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٨٤). واتە ئەو وشەیەی بریتییە لە دوو برگە، یان زیاتر برگەیەکیان هێزی دەکەوێتە سەر "بە گۆڕینی ئەو هێزە لەو برگەیەوە بۆ برگەیەکی تری ئەو وشەیە ئەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە وەیا ئەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە" (وەیس، ١٩٨٤، ٨٤). بۆ نموونە لە وشەی (ئازادی) ئەگەر هێز بخرێتە سەر دوا برگە ئەوا واتای (سەربەستی) دەگەیێنێ، بەڵام ئەگەر خرایە سەر برگەی دووەم ماناکە دەبێتە (تۆ ئازادی).

بە شێوەیەکی گشتی وشەی (هێز) لە فۆنەتیکدا، زاراوەیەکە "گوزارشت لە ڕادەی ئەو توندییە دەکا، کە لە دروستکردنی برگەیەکدا پەیدا دەبێ" (موسا، ٢٠٠٩، ٢٠).

**ئاوازە (Intonation)**

ئاوازە بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی پلەی دەنگ لەکاتی ئاخاوتندا، ئاوازە ئەو زاراوەیەیە "لە دیراسەکردنی فۆنیمە ناکەرتییەکاندا بەکار دێت، ئاماژە بۆ شێواز و وێنە جیا جیاکانی پلەی دەنگ دەکات" (علی، ٢٠١٣، ١١٤)، ئاوازی ڕستە دەکەوێتە سەر لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان "گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکانیش دەبنە هۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستەکە" (عەلی، ٢٠١٥، ٩٤). واتە قسەکەر دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکەی ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت و چەمکی جیا جیای پێ ببەخشێت وەک توانج لێگرتن و گاڵتە پێکردن و توڕەیی و سەرسوڕمان و هەواڵ گەیاندن و پرسیار کردن و ..... تاد.

فراوانی لە بەرزی و نزمی و جۆراوجۆری ئاوازەی دەربڕینەکان، بەپێی بارودۆخ و جۆری ئاخاوتنەکان، شێوەیەکی مۆسیقی ڕەنگین بە ڕوخساری ئاخاوتن بەگشتی و فۆرمی شیعری بە تایبەت دەبەخشێت و کرۆکی واتاکانیان ئاڵوگۆڕ و هەمەچەشنە دەکات، کە گوزارشت لە دۆخی دەروونی ئاخێوەران و مەبەستەکانیان دەکات، شاعیرانیش بەم جۆری ئاوازانە گوزارشت لە

دەربڕینەکانیان دەکەن، ئاوازەی بەرز و نزمی شیعرەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتا هەیە و مۆسیقایەکی خۆش بە دەقەکە دەبەخشێت. لە ڕێگەیەوە مەبەستەکانی بە شێوەی هەواڵ و سەرسوڕمان و پرسیار و...تاد دەگەیەنێت و دەربڕینەکانی ناخی پێ ڕازاوە دەکات.

(ئەسیری) شاعیر بە هەمان شێوە بۆ دەربڕینی مەبەستە جۆراوجۆرەکانی ئاوازەی بەرز (↑) و نزم (↓) ی بەکار هێناوە بەپێی بارودۆخی جۆری ئاخاوتنەکانی شێوە و مۆسیقایەکی ڕەنگینی بە شیعرەکە بەخشیوە و دەربڕینەکانی پێ ڕازاوەتر و کاریگەرتر کردووە. بۆ نموونە:

چاوی پیاوانی گەلت ڕوون کرد، دڵان خۆشە بە تۆ
ئەی بەشیری خۆش خەبەر ئەم موژدەیە خۆش موژدەیە [ل٢٢٥]

شوێنی هێز لەم دێرەدا بەم شێوەیەیە:

چاوی' پیاوانی' گە'لت ڕوون' کرد، د'ڵان خۆ'شە بە'تۆ
ئەی' بەشیری' خۆش' خە'بەر ئەم' موژدەیە' خۆش' موژدەیە'

بە گۆڕینی شوێنی هێزەکان واتای شیعرەکە دەگۆڕێت و مەبەستی خۆی لە دەست دەدات.

دەرکەوت سەبەبی حیکمەتی خوا ناردنی ڕەهبەر
بۆچی بوو موحەممەد لە بەشەر بوو بە پەیامبەر [ل١٥٩]

شوێنی هێز لەم دێرەدا بەم شێوەیەیە:

دەر'کەوت سە 'بە'بی حیک 'مە 'تی خ 'وا نارد 'نی ڕەه 'بەر
بۆ 'چی بوو ' مو 'حەم 'مەد لە ' بەشەر ' بوو ' بە 'پەیام 'بەر

وتم بەگەل هیوایی تۆ بەکێیە کۆنە خانەدان؟
وتی: هیوایی میللەتە عەقڵ و نیهادی سەی تەها [ل٦٨]

ئاوازەی بەرز و نزم لەم دێرەدا بەم شێوەیەیە:

وتم/↑/ بەگەل/↑/ هیوایی تۆ/↑/ بەکێیە/↑/ کۆنە /↑/ خانەدان /↑/؟
وتی: /↓/ هیوایی/↓/ میللەتە /↓/ عەقڵ و /↓/ نیهادی /↓/ سەی تەها /↓/

پێت دەڵێم ڕۆڵە مەنۆشە جامی مەی
بەو مەیە هێزی لەشت بەرباد ئەکەی [ل٢٥٩]

ئاوازەی بەرز و نزم لەم دێرەدا بەم شێوەیەیە:

پێت/↑/ دەڵێم/↑/ ڕۆڵە/↓/ مەنۆشە/↑/ جامی/↑/ مەی/↓/
بەو/↓/ مەیە/↓/ هێزی/↑/ لەشت/↓/ بەرباد/↑/ ئەکەی/ ↓/

هەروەک دەردەکەوێت ئاستی دەنگسازی لە شیعرەکانی (ئەسیری)دا بە شێوەیەکی بەرچاو و سەرنجراکێش ڕەنگیداوەتەوە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە (ئەسیری) دەستێکی باڵای لە ڕیزبەندکردنی دەنگ لە سیاقی شیعرەکانیدا هەبووە، بە هۆیەوە جوانی هەمەچەشنی بە شیعرەکانی بەخشیوە، چونکە دەنگ ڕەنگدانەوەی ئەو هەستانەیە، کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە.

دەنگەکان لە زماندا وەسفی باری دەروونی کەسەکان دەکەن هەر بۆیەش بوونەتە نیشانە و بەڵگە بۆ دەرخستنی کەسایەتیی (ئەسیری) شاعیر، دەنگ هەڵگری سیمای تایبەتی واتایە، هەر گۆڕانکارییەک لە بەرزی و نزمی پلەی دەنگ ڕوو بدات کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتای شیعرەکانی ڕوو دەدات، بەمەش (ئەسیری) دیاردەیەکی جوانی بە ئاستی شێوازناسی دەنگی بەخشیوە، شێوازی دەربڕینی دەنگەکانی واتای شیعرەکانی ڕوون دەکاتەوە، کە (ئەسیری) لە چ هەستێکی دەروونیدا بووە.

کەواتە دەنگ کاریگەری لەسەر خودی شاعیر هەیە، کە پلەی دەنگ و دووبارەبوونەوە و هێز و ئاوازە و سوان و گۆڕینی دەنگ شێوەی دەربڕین دەگرێتەوە.

**ئەنجام:**

١. دووبارەبوونــەوەی دەنگــی ڕۆلی لــە مۆســیقا و ئــاوازی دەربڕینـــی شـــیعرەکانی (ئەســـیری)دا زۆرە و ڕۆڵـــی دەنـــگ لـــە بنیاتـــی مۆســـیقای ئـــەو شـــیعرانەی ئەســـیری گـــەورە و کاریگـــەرە.

٢. کـۆی گشـتی دەنگـە بەکارهاتـووی شـیعرە کوردییـەکانی (ئەسـیری) (١٠٨٧٠٣) دەنگـە، دەنگـە نەبزوێنـەکان (٥١٪) و دەنگـە بزوێنـەکان (٤٩٪) دەنگـەکانی پێـک هێنـاوە، بـە هـۆی زۆری دووبارەبوونـەوەی دەنگـە نەبزوێنـە کورتـەکان ئـاوازی نـەرم بـە شـیعرەکانی بەخشـیوە.

٣. بەکارهێنـانی جـۆری دەنگـەکان لـە ڕووی گـڕی و کپییـەوە کاریگـەری لەسـەر مۆسـیقای شـیعری (ئەسـیری)دا هەیـە، دەنگـە کپـەکان سـۆزی لەسـەرخۆیی بـە دەقـە شـیعرییەکان دەبەخشـێت.

٤. (ئەســیری) لــە ناوچــوونی دەنگــەکانی بــە زۆری بــۆ ڕێکخســتنی مۆســیقا و کێــشی شــیعری بــەکار هێنــاوە.

٥. (ئەسـیری) لـە گۆڕینـی دەنگەکانـدا بـە زۆری دەنگـی نەبزوێنـی (د) بـۆ دەنگـی (ئـ)ی گۆڕیـوە، کـە لـە شـێوەزاری ناوچەکـەدا هەیـە، بەمـەش سـەروای شـیعرەکانی ئاوازدارتـر کـردووە.

٦. هێـز و ئـاوازە لـە شـیعرەکانی (ئەسـیری)دا لەگـەڵ دەربڕینـی واتـای دەقەکـە دەگونجێـت، مەبەسـتی شـاعیر بـە ڕوونی دەخاتـە ڕوو.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ. کتێب:**


١. ئەمیـن، وریـا عومـەر، (٢٠٠٩)، ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، چاپـی دووەم، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.

٢. ئیسـماعیل، هـەژار قـادر، (٢٠١٣)، ڕۆنـانی برگـە و گـۆڕانی سـنووری برگـە لـە شـێوەزاری باڵەکییانـدا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

٣. البصیـر، کامـل حسـن عزیـز، (١٩٨٣)، ڕەخنەسـازی مێـژوو و پەیـڕەوی کـردن، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بغـداد.

٤. دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر، (٢٠١٥)، دانـا تەحسـین محەمـەد، دەروون عەبدەلڕەحـمان سـاڵح، فۆنەتیـک و فۆنۆلۆجـی، چاپـی دووەم، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر.

٥. عەبدوڵـڵا، ئیدریـس، (٢٠٠٣)، جوانـکاری لـە ئـەدەبی کوردیـدا، دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێمانی.

٦. عەبدوڵـڵا، عەبدولسـەلام نەجمەدیـن، (٢٠٠٨)، شـیکردنەوەی دەقـی شـیعری لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، چاپـی یەکـەم، سـپیرێز، دهـۆک.

٧. عـەلی، تالیـب حوسـێن، (٢٠٠٥)، فەرهەنگـی زاراوەکانی دەنگسـازی، چاپـی یەکـەم، لـە زنجیـرە بڵاوکـراوەکانی گۆڤـاری ئاسـۆی پـەروەردە، هەولێـر.

٨. عـەلی، تاڵـب حوسێن، (٢٠١٥)، دەنگسـازی، چاپـی یەکـەم، چاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر.

٩. فتاح، محمد معروف، (١٩٨٧)، زمانەوانی، زانکۆی سەڵاحەددین.

١٠. گـەردی، عەزیـز، (١٩٩٩)، کێـشی شـیعری کلاسـیکیی کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

١١. موسـا، عەبدولوەهـاب خالیـد، (٢٠٠٩)، هێـز و ئـاوازە لـە دیالێکتـی کـوردی ژووروودا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

١٢. وەیـس، غـازی فاتـح، (١٩٨٤)، فۆنەتیـک، چاپـی یەکـەم، کتێبخانـەی نیشـتیمانی بەغـدا، بەغـداد.


**ب: دیوان:**


١٣. ئەسـیری، (٢٠٠٦)، ئامادەکـردن و پێشـەکی: د. کوردسـتان موکریـانی، چاپـی یەکـەم، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.


**ج. نامەی ئەکادیمی:**


١٤. عزیـز، هیـوا نورالدیـن، (٢٠٠٩)، بنیـادی ڕیتـم لە شـیعرە کوردییەکانی عبداللـە بەگـی مصبـاح الدیـوان (ئـەدەب)دا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەددین.

١٥. محەمـەد، ڕۆکان عەبـدوڵا، (٢٠١٥)، چەنـد تایبەتێتییەکـی ناوچـەی گەرمیـان لـە ڕووی فۆنەتیـک و گراماتیکـەوە، تێـزی دکتـۆرا، فاکەڵتـی

زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكۆڵی زمان، زانكۆی سلێمانی.
١٦. محەمەد، فرمێسك موصلیح، (٢٠١٥)، مۆسیقای شیعری لە شیعرەكانی (وەفایی)دا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەڵاحەددین.
١٧. واحد، ساكار كمال، (٢٠١٣)، كاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی، كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەڵاحەددین.

**د. گۆڤار:**

١٨. علی، طالب حسین، (٢٠١٣)، ئاواز و واتای پراگماتیكی گوتن، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژمارە (٤٢)، بەشی B، سلێمانی.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

**أ. كتێب:**

١٩. انیس، ابراهیم، (؟)، الأصوات اللغویة، مطبعة نهضه، مصر.
٢٠. بالی، شارل، (١٩٨٥)، علم الأسلوب و علم اللغة العام، ترجمة: د. شكری محمد عیاد، دار العلوم للطباعة و النشر، الریاض.
٢١. بییرجیرو، (٢٠٠٨)، الأسلوبیة، ترجمة: د. منذر عیاشی، الطبعة الثانیة، مركز الإنماء الحضاری، سوریة.
٢٢. الخاتونی، موفق قاسم، (٢٠١٣)، دلالة الإیقاع و إیقاع الدلالة فی الخطاب الشعری الحدیث قراءة فی شعر محمد صابر عبید، دار النینوی للدراسات و النشر و التوزیع، سوریة دمشق.

**ب. نامەی ئەكادیمی:**

٢٣. بابان، ستار مصطفی فقی محمد، (٢٠٠٨)، مقالات زكی نجیب محمود دراسة اسلوبیة، أطروحة دكتوراه، كلیة التربیة، جامعة كویة.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:**

**أ. كتێب:**

٢٤. كامیار، تقی وحیدیان، (١٣٩٠)، بدیع از دیدگاه زیبایی شناسی، چاپ پنجم، انتشارات سمت، تهران.

**ملخص**

**الأساليب الصوتية في الشعر الأثيري على ضوء توجهات بالي**

هـذا البحـث بعنـوان: (الأسـاليب الصوتيـة في الشـعر الأثـيري عـلى ضـوء توجهـات بـالي) هـو محاولـة لتحليـل وعـرض القوانـين الصوتيـة للغـة في الشـعر الأسـيري، لأن الصـوت بشـكل عـام هـو أهـم عنـصر في لغـة الشـعر فهـو يخلـق تأثـيراً. يحتـوي تكويـن كل صـوت في النـص الشـعري بشـكل عـام وفي القصيـدة (الأثـيري) بشـكل خـاص عـلى قيمـة صوتيـة ومعـبرة. عـلى المسـتوى الصـوتي ، لـكل لغـة قواعدهـا الصوتيـة الخاصـة بهـا ، والتـي ترجـع إلى تنـوع الجغرافيـا وتطـور الطبقـات اللغويـة. لغـة الشـاعر بشـكل عـام لهـا دور فعـال وقـوي في الأسـاليب الصوتيـة والفونولوجيـة مـن خـلال هـذه الأسـاليب يعـبر الشـاعر عـن مشـاعره، وقـد أعطـى تكـرار كل صـوت التعبـير العقـلي للشـاعر وموسـيقى ولحنًـا ممتعًـا لنصوصـه الشـعرية.

الكلمات الدالة: الصوت ، الأثيري ، الصوت المجهور، الصوت المهموس ، تغيير الصوت

## Abstract

**Sound Styles of Assiri Poetry in the Light of Bally**

This research titled "Sound Styles of Assiri Poetry in the Light of Bally" is an attempt to analyze and present the phonetic patterns of language in Assiri poetry. In general, sound is the most important component of poetic language that creates an effect. The formation of each sound in the poetic text in general and in (Assiri's poems) in particular has phonetic and expressing\self-expressing values. At the phonetic level, each language has its own phonetic rules, which are due to the diversity of geography and the development of linguistic classes, the poet's own language\idiolect has its own role and effect in the formation of the phonetic patterns and phonological rules. Through these phonetic patterns and aspects, the poet expresses his feelings, and the repetition of each sound is to express the poet's inner feelings, at the same time it is to give the poem a pleasing music and melody.

Keywords: sound, Assiri, voiced sound, voiceless sound, sound change